# قەیران و شۆڕش



**کارل مارکس**


کۆکردنەوەو وەرگێڕانی: ئەنوەر نەجمەدین


دیسامبری ٢٠١٧

**شۆڕشێکی نوێ مومکین نابێت**
**وەک دەرئەنجامی قەیرانێکی نوێ**
**نەبێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەو**
**شۆڕشە هەردێت، هەروەک چۆن**
**ئەو قەیرانە هەردێت.**

کارل مارکس

ئەگەر نوێنەرە تیۆریستیەکانی پرۆلیتاریا ئارەزوومەندی ئەوەن چالاکیە ئەدەبیەکانیان کاریگەریەک جێبهێڵێت، ئەوا لەسەریانە بەر لە هەرچی، پێداگری لەوەدا بکەن؛ هەموو ئەو دەستەواژانە بسڕنەوە، هۆشمەندیی بەرامبەر ئەو ململانێ توندوتیژە لاواز دەکات، هەموو ئەو دەستەواژە ووشکانەی ئەو ململانێیە پەردەپۆش دەکەن.

کارل مارکس

شتێکی سەرسوورهێنەرە: سەرباری هەموو گووتارێکی قەبەو هەموو دانراوە ئەدەبیەکانی ئەم شەست ساڵەی دوایی دەربارەی رزگاریی کارگەران، کەچی کارگەران ناگەنە ئەوەی مەسەلەکەیان بخەنە ژێردەستی خۆیان لە شوێنێکدا، یەکسەر دەنگ لە لایەنگرانی ئەم کۆمەڵگایەوە بەرزدەبێتەوە دژیان .. وە دەکەونە بیانوو هێنانەوە بۆ ئەوەی گوایە هێشتا کۆمەڵگای سەرمایەداری لە خاوێنترین حاڵەتدایەو باڵغ نەبووەو نەکەوتۆتە سووڕی مانگانەوە، ئەمە گوایە وەک ئەوەی هێشتا ناکۆکیەکانی گەشەیان نەکردبێت، درۆکانی دەرنەکەوتبیتن، حەقیقەتە سۆزانیەکانی ئاشکرا نەبووبێت!".

کارل مارکس

# سەرەتایەکی مێژوویی

لە سەردەمی بالغ بوونی سەرمایەداریدا، سایکڵی قەیرانە ئابووریەکان، واتە ئەو نۆبە دەوریانەی بە قەیرانی ئابووری ناودەبرێن، لانی کەمی، بە ١٠ ساڵ جارێک دیاری کراوە.

لەو بارەیەوە، کارل مارکس لە کتێبی سەرمایەدا دەڵێت:

"بەرزترین ئاستی سەردەمی گەشانەوەکانی ئەم دواییەی دەکەوتنە بەر لە قەیرانەکان، سایکڵەکانی، لە سەردەمی گەشەی پیشەسازی ئینگلیزیدا (١٨١٥ – ١٨٧٠)، لانی کەم، هەر دە ساڵ جارێک، سەرلەنوێ سەر هەڵدەدەنەوە" (کارل مارکس، سەرمایە، وەرگێرانی بۆ عەرەبی د. ئەنتۆن حمسی، ل : ٢٤٥).

لەو سەردەمە بەدواوە، پێ بەپێی گەشەی سەرمایەداریی لەسەر ئاستی جیهانی، قەیرانە ئابووریەکان، کەوتوونەتە سایکڵی کورت و درێژەوەو هەر جارەی لە شوێنێکەوە سەردەردێننەوە. ئەودەمە بەسەرچوو، سایکڵی سەرمایەو گەڕانەوەی ناوبەناوی قەیرانەکانی، هەر ١٠ ساڵ جارێک بێت، وە یان هەر لە بریتانیاوە دەستپێبکەن؛ لەکاتێکا ئەو سەردەمە، سەنتەری قەیرانەکانی جیهان، بریتانیا بووە (بڕوانە خوارەوە).

هەروەک نموونە: لە ساڵی ١٩٣٣ دا، جەیمس مۆریس فەنک (١٨٩٢-١٩٤١)، مۆدێلێک لە سایکڵەکانی گەشانەوەو دیپریشن (*The Cycles of Prosperity and Depression*) دەناسێنێت. لە لێکۆڵینەوەکانیدا دەربارەی سایکڵە ئابووریەکانی ئەمریکا، سایکڵی ٥٦ ساڵە ڕادەگەیەنێت، واتە هەر ٥٦ ساڵ جارێک، پارسەنگی ئابووری ئەمریکی، بە قورسی دەشێوێتەوە. ئەم خوێندنەوەیەی فەنکیش بۆ قەیرانە ئابووریەکان، هەمان واتای خوێندنەوەی مارکسە کە لە کەڵەکەبوونی سەرمایەوە (Capital Accumulation) دەستپێدەکات و بە زێدەی بەرهەمهێنانا (Overproduction) گوزەر دەکات و دەگاتە سستبوونی پیشەسازی. نموونەی ئەو سایکڵە ٥٦ ساڵیانە بریتین لە: ١٧٦١، ١٨١٧، ١٨٧٣، ١٩٢٩، ١٩٨٥.
لە لێکۆڵینەوەکانی ئەم چەرخەیشدا، گەڕانەوەیەکی زۆر بەدی دەکرێت بۆ ئەو کۆنسێپتانە. گەلێ لە لێکۆڵەرەوەکان، دەرئەنجامی سایکڵی ٥٦/٢٠ ساڵە، لە سایکلە ئابوریەکانی ئەمریکا وەردەگرن و ڕایدەگەیەنن: بە درێژایی ١٠٠ ساڵی تەواو، هەتا قەیرانەکانی ١٩٣٠، ئەم زنجیرەیە، ژمارەیەک قەیرانی دارایی ئێجگار قورسی تۆمار کردووە لە ئەمریکادا کە نێوانیان سایکڵێکی ٢٠ ساڵەیە، لەوانە: قەیرانی ١٨٣٧+٢٠، ١٨٥٧+٢٠، ١٨٧٣+٢٠، ١٨٩٣+٢٠، ١٩١٣+١٦ (بڕوانە: J M FUNK PERSONAL DETAILS).

لە لێکۆڵینەوەکانی دەیڤید مەکمینیشدا دەردەکەوێت، ئەم سایکڵە درێژانە، هەمیشە بە چەند سایکڵێکی کورت کورتدا تێدەپەڕن، ئەوەیش گەڕانەوەی قەیرانەکانمان نیشان دەدات لە هەر ٩ ساڵ جارێکدا، بۆ نموونە: ٩، ١٨، ٣٦، ٥٤. بەڵام زنجیرەی سایکڵە ٥٦ ساڵیەکان درێژن و دەشێت چەند سەدەیەک بەردەوام بن.

لە لێکۆڵینەوەکانی کیندڵبیریەرەوە، تێبینی ئەوە دەکەین کە قەیرانەکانی ئەمریکا، زنجیرەیەکی مێژوویی لێکدانەبڕاون لە سستبوونی پیشەسازی و داچوونی ئابووری و قەیران و جەنگ کە لە ماوەی ٢٠٠ ساڵی ئەم دواییەدا، ناوبڕێکی تێنەکەوتووە، ئیتر ئەمە هەر لە جەنگی ١٧٦٣ وە هەتا ئەم چەرخە. وە لە هەردوو سەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەمدا، کیندڵبیریەر زنجیرەیەک جەنگ و قەیران یاد دەخاتەوە کە هەر ٩ ساڵ

جارێک لە ئەمریکایان داوەتەوە: جەنگ: ١٧٦٣- قەیران: ١٧٧٢، جەنگ: ١٧٨٣ - قەیران: ١٧٩٢، جەنگ: ١٨١٥ - قەیران: ١٨٢٥، جەنگ: ١٨٥٦ - قەیران: ١٨٦٦.

نموونەی سایکڵە ١٠٠ ساڵەییەکانی ئابووریی سەرمایەداریی جیهانییش لەم دوو سەدەیەی دواییدا، بەم جۆرە دەبینین: ١٨٢٥، ١٩٢٩، ٢٠٠٨. سایکڵە کورت و درێژەکان، پێشینەی مێژوویی ئەو سایکڵە درێژە وێرانکارانەن کە گۆی زەی دێننەوە یەک و هەموو جیهان دەخەنەوە لەرزین.

بە پێچەوانەی هەموو ڕابووردووەوە، سایکڵە ١٠٠ ساڵیەکەی ئەمجارە پرسیارێک دێنێتە نێو لێکۆڵینەوەکانەوە: ئایا ئەمجارەیش وەک ڕابووردوو، سەرمایە پارسەنگی ئابووری خۆی دەگرێتەوە؛ لەکاتێکا کە بازاڕێک نەماوە بۆ ئەو ژمارە زۆرەی لە سەرمایەی تاک تاک و لە وولاتان، بە دوایدا دەگەڕێن بۆ سەرمایەگوزاری؟

ئەو وولاتانەی جاران جێگای کەسەرەی خاوی ئەوروپا بوون، ئێستا گەورەترین ڕکابەری ئەوروپان لە بازاڕی جیهانیدا، بۆ نموونە ئەمریکا، چین، هیندستان، تایوان .. هتد. ئایا چیتر بازاڕ بەش دەکات بۆ ساغکردنەوەی کاڵا پیشەسازیەکان، یان جەنگی ڕکابەری هەر بەردەوام دەبێت؟ وە ئایا ئەو جەنگانە هەناسە لە جیهان دەبڕن، یان شۆڕشێکی مەزن بەدوای خۆیاندا بەکێش دەکەن، شۆڕشێک لە بەرهەمهێنان و دابەشکردندا؛ نەک لە فۆرمی سیاسی دەسەڵات و دەموچاوە بڵحەکانیدا؟

# بۆچی قەیران ڕوودەدات؟

کارل مارکس

قەیرانە بازرگانیەکان تەئکید لە یاسا دەکەنەوە، بە تەواوی تەئکید لە یاسا دەکەنەوە -بەڵکو بە مێتودێکیش کە بە تەواوی جیاوازە لەوەی ئابووریزانەکان بڕوای پێبهێنین ... ئەمە یاسایەکی سروشتیەو دەرئەنجامی نەبوونی هۆشمەندیەکی هاوبەشی بەشداربووەکانیەتی.

ئەگەر بەرهەمهێنەران وەک بەرهەمهێنەران بیانزانیایە بەکاربەرەکان چەندیان پێویستە، وە ئەگەر بەرهەمهێنانیان ڕێکبخستایەو دابەشیان بکردایە لە نێوان خۆیاندا، ئەوکاتە لەرەلەری ڕکابەری و مەیلی بۆ قەیران دەبووە مەحاڵ. دەبا بە هۆشیاریەوە؛ وەک بوونەوەری ئینسانی بەرهەمبهێنن نەک وەک ئەو گەردیلە پارچەپارچانەی بە جۆری خۆیان هۆشیار نین، ئەوجا تێپەڕی هەموو ناکۆکیە دروستکراوەکان دەکەن ... بەڵام هەتا بەم مێتودە ناهۆشمەندانەیەی ئێستاو بەبێ بیرکردنەوە بەرهەمبهێنن، لەژێر ڕەحمەتی ڕێکەوتدا، قەیرانە بازرگانیەکان هەر دەمێنن و هەموو قەیرانێکیش لەوەی بەر لە خۆی فراوانتر دەبێت، وە خراپتریش لەوان و ژمارەیەکی زۆر لە سەرمایەدارە بچووکەکانیش لەناودەبات و ڕێژەیەکی زۆریش لە ژمارەی ئەو چینە زیاد بکات کە تەنها لەسەر کارەکەیان دەژین.
... دواجاریش ئەمە دەبێتە هۆی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی کە لەوەوبەر هیچ حیکمەتێکی خوێندنگەیی ئابووریزانەکان، لە خەویشدا نەیبینیوە.

*مخطوطات عام 1844 الاقتصادية والفلسفية*

ڕێگری ڕاستەقینەیش لە ڕووی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا خودی سەرمایە خۆیەتی: سەرمایەو سەرمایەگوزاری خۆیان، خاڵی دەستپێکردن و خاڵی کۆتاییشن، جووڵێنەری بەرهەمهێنان و ئامانجەکەشیەتی؛ بەرهەمهێنانیش هیچ نیە بەرهەمهێنان نەبێت لە پێناوی سەرمایەدا ... ئەو سنوورەیشی چوارچێوەیەک پێک دەهێنێت کە ناتوانرێت وازی لێبهێنرێت لە پێناوی پاراستنی بەها-سەرمایەو سەرمایگوزاریدا، ئەوە لەسەر داماڵینی ژمارەیەکی زۆر لە بەرهەمهێنان وەستاوە لە موڵکایەتیەکەیان و هەژارخستنیان ...

ئەگەر بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ئامرازێکی مێژوویی گەشەی هێزە ماتریالیستیە بەرهەمهێنەرەکان و دروستکردنی بازاڕێکی جیهانی بووبێت بۆی، ئەوا لە هەمانکاتدا، نوێنەری ناکۆکیەکی هەمیشەییشە لە نێوان ئەم ئەرکە مێژووییەو ئەو پەیوەندیە بەرهەمهێنەرە کۆمەڵایەتیەی هاوشانیەتی.

ئەم ناکۆکیە چۆن چارەسەر دەکرێت .. ؟
هەر یادخستنەوەی ئەو ناکۆکیەی کە دەبێت بخرێت بەلایەکدا، بە کردەوە، مێتودی چارەسەرکردنەکەیشی لەخۆگرتووە. چارەسەرەکە دابەشکردنە، یان شکاندنی ئەو بەشەیە لە سەرمایە کە بەرابەری بەهای هەموو سەرمایەی زیادیە .. بەڵام ئەو زیانەی بە کردەوە لەو ناکۆکیانەوە سەرهەڵدەدەن، هەروا لەخۆوە دابەش

نابنەوە لە نێوان سەرمایە تایبەتەکاندا: ئەمە بە ڕکابەری دابەش دەبێتەوە. زیانیش لەم ناکۆکیەدا، یەکسان دابەش نابێتەوە، بەڵکو بەجۆرێکی ئێجگار هەمەچەشنەو بەپێی باری تایبەتی هەر سەرمایەدارێک و ئەو پێگەیەی بۆ خۆیانیان دابین کردووە دابەش دەبێتەوە: واتە سەرمایەیەک دەخەوێنرێت، ئەمە لەکاتێکا سەرمایەیەکی تر بە تەواوی تێکدەشکێنرێت، سەرمایەی سێهەم تەنها زیانێکی ڕێژەیی بەردەکەوێت، وە هەر بەوچەشنە ..

بەڵام لە هەموو حاڵێکدا، پارسەنگ بە خەواندنی سەرمایە، بەڵکو بە شکاندی ڕێکدەخرێتەوە .. واتە بەشێک لەو پرۆژانە ڕادەگیرێن کە لە سەرەتای دەستپێکردندان. وە بێگومان زەمەن لەم گۆشەیەوە، هێرش دەباتە سەر هەموو کەرەسەکانی بەرهەمهێنان .. بەڵام لە هەمانکاتدا، فاکتەری تریش ڕۆڵی خۆی دەبینێت. وەستاندنی بەرهەمهێنان دەبێتە هۆی بێکارکردنی بەشێکی چینی کرێکارو بەم شێوەیەیش، ئەو بەشەیان کە لە کاردا بەکاردەهێنرێن، ناچار دەکرێن ڕازی بن بە کەمکردنەوەی کرێیکارەکەیان تەنانەت بۆ خوار ئاستی مامناوەندی .. لە لایەکی تریشەوە، دابەزینی نرخ و ڕکابەری، پاڵ بە هەموو سەرمایەدارێکەوە دەنێت بەهای بەرهەمە گشتیەکەی خۆی بەرزبکاتەوە تا بچێتەوە سەروو بەهای گشتی، ئەمیش بەهۆی بەکارهێنانی ئامێری نوێ و مێتودی نوێوە لە کاردا ...

...ئەم یەکێتیەی نێوان هەموو بەرهەمهێنانیش؛ وەک یاسایەکی کوێر خۆی دەسەپێنێت بەسەر بەرهەمهێنەراندا، ئەمە لە بری ئەوەی یاسایەک بێت عەقڵی هاوبەشی بەرهەمهێنەران زاڵ بێت بە سەریدا، ئەو یاسایە ڕێیان نادات زنجیرەی پرۆسەکە ملکەچی چاودێریی خۆیان بکەن ...

*کارل مارکس، سەرمایە-ڕەخنەی ئابووری سیاسی*

# قەیران و شۆڕش

قەیرانە بازرگانی و پیشەسازیە گشتیەکەی بریتانیا، دووهەم ڕووداوی ئابووریی گەورە بوو کە شۆڕشی تەقاندەوە. ئەمەیش پێشتر، لەو مایەپووچ بوونە فراوانەی پایزی ١٨٤٥ دا ڕاگەیەنرا کە تووشی دەڵاڵی (speculator, broker) پشکەکانی هێڵی ئاسنین هات، بەڵام ژمارەیەک بارودۆخی نائاسایی لە ساڵی ١٨٤٦ دا دوای خست ... دواجار لە پایزی ١٨٤٧ دا تەقیەوە، ئەمەیش لە شێوەی ئەو مایەپووچ بوونانەدا کە بەر بازرگانە گەورەکانی لەندەن کەوت، ئەو بازرگانانەی بازرگانییان بە کاڵای وڵاتە کۆلۆنیالیستەکانەوە دەکرد، ئەمەیش هەر یەکسەر، مایەپووچ بوونی بانکە عەقاریەکان و داخستنی پیشەسازیی بەدواداهات لە بازنە پیشەسازیەکانی بریتانیادا. وە بەر لەوەی دەرئەنجامەکانی لە کیشوەرەکەدا ڕەنگ بداتەوە، شۆڕشی شوبات هەڵگیرسا. ئەو دەردە ئابووریەیشی لە بازرگانی و پیشەسازیدا داکەوت، زەبرێکی زیاتری خستەسەر حوکمی ڕەهای ئۆرۆستوکراسیە داراییەکان ... بۆیە برجوازیەت بەربەرەکانێیەکی بەرپا کرد لە هەموو فەرەنسادا کە هەڵمەتێک بوو بۆ پاڵپشتیی ڕیفۆرمی هەڵبژاردن کە مەبەست لێی ئەوە بوو؛ لە هەردوو ئەنجوومەنەکەدا زۆربە مسۆگەر بکات و وەزارەتی بۆرسەی پێ هەڵبوەشێنێتەوە. لە پاریسدا قەیرانی پیشەسازی، بەتایبەت، دوای دەرئەنجامێکی تر دەکەوت: خاوەن پیشەسازیەکان و گەورە بازرگانەکان، بەهۆی ئەو بارودۆخەوە، ئەو توانایەیان لەدەستچوو کارەکانیان لە بازاڕی دەرەوەدا، ببێتە پاڵپێوەنەری بازاڕی ناوخۆیی. وە کۆمپانیای وەها گەورەیان دامەزراند، ڕکابەریەکانیان، خاوەن دوکانە بچووکەکانی وێران کرد. ئەمەیشە ئەو ژمارە زۆرە لە مایەپووچ بوون شیدەکاتەوە لەو بەشەی برجوازیەتی پاریسی و ڕێڕەوە شۆڕشگێریەکەیدا لە ڕۆژانی شوباتدا .. کە کار گەیشتە پێکاکێشانی نێوان گەل و سوپا ..

ئەمە هەر لە سەرەتاوە؛ وەسفی ئەو قەیرانە بازرگانیە گەورەیە بوو کە لە ساڵی ١٨٤٧ دا لە ئینگلترەدا سەریهەڵدا؛ وە هەر بە کاریگەریی ئەو قەیرانەیش لە کیشوەری ئەورووپیدا، زیادبوونی قەیرانی سیاسی گومرگی و وەرچەرخان بەرەو شۆڕشەکانی شوبات و ئازاری ١٨٤٨ شیدەکرێتەوە، ئەمە ئەوەیشی دەرخست کە چۆن ئەو گەشانەوە بازرگانی و پیشەسازیەی لە ١٨٤٨ دا دەستی پێکردو لە ١٨٤٩ دا بەهێز بوو، هەڵکشانی شۆڕشگێریی ئیفلیج کرد.

هەروەک قۆناغی گەشانەوە؛ قۆناغی قەیران، کاتێک لە ئینگلترە چارەسەردەکرێت، ئەوجا لە کیشوەرەکەدا چارەسەر دەکرێت. ئەو پرۆسێسە لە سەرەتاوە، هەمیشە لە ئینگلترەوە دەستپێدەکات[1]؛ ئینگلترە، خالقی گەروودنێکی برجوازیە .. ئەوەیشی کیشوەرەکە هەناردەی دەکات بۆ ئینگلترە؛ زیاترە لەوەی بۆ هەر وڵاتێکی تر هەناردە دەکرێت. بەڵام هەناردە کردن بۆ ئینگلترە، بە دەوری خۆی، وەستاوە لەسەر ئینگلترە، بەتایبەت لەو وڵاتانەی دەکەونە پشت ئۆقیانووسەکەوە. ئینگلترەیش ئەوەندە هەناردە دەکات بۆ وڵاتانی پشت ئۆقیانووس کە پێوانە ناکرێت بەوەی هەناردە دەکرێت بۆ هەموو کیشوەرەکە؛ بۆیە ئاستی هەناردە

---

[1]. لەگەڵ گەشەی پیشەسازی و بازرگانی و سەرهەڵدان و گەشەی وڵاتانی نوێی پیشەسازیدا؛ سەنتەری قەیرانەکانیش لە ناوچەیەکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ ناوچەیەکی تر. بۆ نموونە: لە سایکڵە درێژەکانی قەیرانی ئابووریی جیهانیدا لەم سەدەیەی دواییدا، قەیرانەکان، لە ئابووریەکی ئێجگار گەشەسەندووی وەک ئەمریکاوە سەریانهەڵداو وەک پەتا بە جیهاندا بڵاویان کرد (وەرگێر).

کردنی کیشوەرەکە بۆ ئەو وولاتانە، هەمیشە لەسەر ئاستی هەناردە کردنی ئینگلترە وەستاوە بۆ پشت ئۆقیانووس. هەر لەبەر ئەوە، ئەگەر قەیرانەکان یەکەمجار دینەمۆی شۆڕشەکان بن لە کیشوەرەکەدا، ئەوە هۆکاری قەیرانەکان هەر دەگەڕیتەوە بۆ ئینگلترە. وە بەدڵنیاییشەوە، پێویستە کارەساتە توندوتیژەکان لە چواردەوری جەستەی برجوازیەت ڕووبدەن؛ بەر لەوەی لەنێو دڵیدا ڕووبدەن، چونکە لەوێ توانای تەعویز زۆرترە. لە لایەکی تریشەوە، ئەمە پلەی کاریگەریی شۆڕشە کیشوەریەکان پێکدەهێنێت لەسەر ئینگلترە، لەگەڵ ئەوەیشدا پلەی گەرمی، ئەوە نیشان دەدات کە تا چ ئاستێک ئەو شۆڕشانە بە کردەوە مەترسییان ڕووبەڕووی خودی سیستمی سەرمایەداری کردۆتەوە، یان بە چ ئاستێک کاریان لە هیچ نەکردووە تەنها ڕێکخستنە سیاسیەکەی نەبێت .. وە ئەو ناکۆکیە بێ کۆتاییانەی کە لە ئێستادا نوێنەرانی بلۆکە حیزبیەکانی ئەم سیستمە لە کیشوەرەکەدا یەکتری پێ ناشیرین دەکەن، هەرگیز نابێتە هۆی شۆڕشێکی نوێ؛ بەڵکو بە پێچەوانەوە؛ ئەو ناکۆکییانە هەر تەنها لەبەر یەک هۆکار هەن، ئەویش ئەوەیە کە بناغەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لە چرکەساتێکی دیاریکراودا زۆر بەهێزەو زۆر برجوازیانەیە، ئەمەیش ئەو شتەیە کە کۆنەپەرستان لێی تێناگەن. وە هەموو هەوڵێکی کۆنەپەرستانەیش بۆ وەستاندنی گەشەی برجوازیەت، هەر لەسەر هەمان بنەما تێکدەشکێنرێت، ئەمەیش هەروەک هەموو تووڕەییەکی ئەخلاقیانەی دیموکراسیەکان و بەیانە ئاگراویەکانیان.

شۆڕشێکی نوێ مومکین نابێت وەک دەرئەنجامی قەیرانێکی نوێ نەبێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەو شۆڕشە هەردێت، هەروەک چۆن ئەو قەیرانە هەردێت.

*كارل ماركس، النضال الطبقي في فرنسا*

هاوارەکانی برجوازیەت لە پێناوی "حکومەتێکی بەهێز" دا هەر بەرز دەبێتەوە .. ئەمەیش بەو ئاستەی قەیرانی گشتیی بازرگانی کە هەر خۆی دەکشێنێت، تادێت لە شارەکاندا، لایەنگرانی نوێ بۆ سۆشیالیزم زیاد دەکات، هەروەک چۆن ئەمە نرخی گەنمی لە دێهاتەکاندا ئێجگار دابەزاندووە، وە ڕۆژ بە ڕۆژ کەسادی بازرگانی زیاد دەکات، بێکاری بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات، وە لای کەم نزیکەی ١٠ هەزار کرێکاری بێ نان کردووە لە پاریسدا، ئەو کارگانەیشی وەستاون لە ژمارە نایەن ...

ڕاستە، فەرەنسا لە ساڵی ١٨٥١ دا بە چەشنێک؛ بە قەیرانێکی بازرگانی بچووکدا تێپەڕی. کۆتایی مانگی شوبات، ئیشارەتێکی دا بە دابەزینی هەناردە کردن بە بەراوورد لەگەڵ ١٨٥٠، لە مانگی ئازاریشدا، حاڵی بازرگانی خراپ بوو، وە پیشەسازیەکان دەستیان کرد بە داخستنی دەرگاکانیان. لە مانگی ئەپریلدا، باری پرۆڤینسە پیشەسازیەکانیش لە حاڵێکی خراپدا بوون کە ئەمە لە ڕۆژەکانی دوای شوبات دەچوو. لە مانگی مایسدا هێشتا بارودۆخ باش نەبووبووەوە، بانکی فەرەنسا لە ٢٨ ی یۆنیۆدا حاڵی خۆیی نیشاندا، ئەمەیش بە پشت بەستن بە زیادەیەکی زۆر لە دانانی پارەو کەم بوونێکی گەورەی هاوشێوە لە قەرزو حەواڵەی دارایی، ئەمەیش ئەوەی نیشان دەدا کە بەرهەمهێنان لە حاڵەتی سست بووندایە؛ وە هەتا ناوەڕاستی ئۆکتۆبەر، هیچ باش بوونێک لە کارە بازرگانیەکاندا ڕووینەداوە.

برجوازیەتی فەرەنسی ئەو سست بوونەی بۆ هۆکاری سیاسی ڕووت و بۆ ململانێی نێوان پەرلەمان و دەسەڵاتی جێبەجێکار دەگێڕایەوە. منیش ئینکاری ئەوە ناکەم کە هەموو ئەو بارودۆخانە کاریگەریی

خۆیانیان هەبووە لەو خراپ بوونەی بەسەر چەند لقێکی پیشەسازیدا هاتوون لە پاریس و پرۆڤینسەکان. بەڵام بە هەرحاڵ، کاریگەریی ئەم بارودۆخە سیاسیە، کاریگەریەکی ناوخۆیی بچووک بووەو بەس. ئەمەیش لەو ڕاستیەدا باشتر دەردەکەوێت کە ئەوە نیشان دەدات چاکتر بوونی بازرگانی لە ناوەڕاستی ئۆکتۆبەرەوە دەستپێکرد، لەو چرکەساتەوە کە حاڵی سیاسی خراپتر بوو، ئەمەیش تاریکاییەک بەسەر ئاسۆی سیاسیدا دەهێنێت و چەخماخەی هەورەبروسکەیەکیش لە کۆشکی ئیلزیەوە چاوەڕوانکراو دەبێت. برجوازیەتی فەرەنسییش کە "بەهرەمەندیەکەی و زانستەکەی و دیدگا ڕۆحیەکەی و دەستکەوتە عەقڵیەکانی" بەر لووتی خۆی جێناهێڵێت، دەیتوانی بە درێژایی ڕێکخستنی پێشانگا پیشەسازیەکەی لەندەن، هۆکاری ئەم حاڵەتە بازرگانیەی، لەژێر لووتی خۆیدا بدۆزێتەوە. وە ئەوکاتەی پیشەسازیەکان لە فەرەنسا دەرگاکانیان دادەخست، مایەپووچ بوونی بازرگانی لە ئینگلترەدا بڵاو دەبووەوە. لەکاتێکا لە ئەپریل و مایسدا، ترس و تۆقینی پیشەسازیی گەیشتبووە لووتکە لە فەرەنسادا، هەر لەوکاتەدا تۆقینی بازرگانی لە ئەپریل و مایسدا، گەیشتە لووتکە لە ئینگلترەیشدا. کاتێک بارودۆخی پیشەسازیی خوری فەرەنسی خراپ دەبوو، بارودۆخی پیشەسازیی خوری ئینگلیزییش خراپ دەبوو، کاتێک بارودۆخی پیشەسازیی ئاوریشمی فەرەنسی خراپ دەبوو، بارودۆخی پیشەسازیی ئاوریشمی ئینگلیزییش خراپ دەبوو. ڕاستە، کارگەکانی لۆکەی ئیگلیزی لە کاری خۆی بەردەوام بوو، بەڵام چیتر هەمان قازانجی نەدەچنیەوە وەک ساڵەکانی ١٨٤٩ و ١٨٥٠. تەنها جیاوازییش ئەوە بوو، قەیرانەکە لە فەرەنسا پیشەسازی بوو لە ئینگلترە بازرگانی بوو. وە لەکاتێکا کارگەکانی فەرەنسا وەستا بوون، کارەکانی لە ئینگلترە فراوانتر دەبوو، بەڵام لە بارودۆخێکدا کە کەمتر لەبار بوو لەچاو سەڵەکانی ڕابووردوودا؛ لە فەرەنسا هەناردە کردن بەر گورزی گەورە کەوت، لە ئینگلترە دەستکەوتەکان بەر ئەو گورزە کەوتن. بەڵام ئەوە ڕوونە کە ناکرێت لە نێو سنووری ئاسۆ سیاسیە فەرەنسیەکاندا، بۆ هۆکارە هاوبەشەکان بگەڕێین. ساڵەکانی ١٨٤٩ و ١٨٥٠ لە مەزنترین ساڵەکانی خۆشگوزەرانی ماددی و زێدەی بەرهەمهێنان بوون کە هەتا ١٨٥١ دەرئەنجامەکانیان دەرنەکەوتن. لە سەرەتای ئەو مانگەدا، زێدەی بەرهەم بەهێزتر بوو ... بارودۆخێکی تریش کاریگەرییان هەبوو: یەکەم کەمی لۆکە لە ١٨٥٠ و ١٨٥١ دا .. بەرزبوونەوەی نرخی لۆکەو هەروەها دابەزینی لە ناکاوی، بەکورتی هەڵبەزودابەزی نرخی لۆکە[2]. دەستکەوتی ئاوریشمی خاو، لای کەم لە فەرەنسادا، تەنانەت لە تێکڕایش کەمتر بوو. دواجار، لە ساڵی ١٨٤٨ ەوە، بە پلەی سەرەکی پیشەسازیی خوری فراوان بوو، بەجۆرێک کە تەنانەت بەرهەمی خوری لە توانایدا نەبوو هاوشانی بڕوات، بۆیە نرخی خوریی خاو بەرز بووەوە؛ بە چەشنێک کە هەموو پارسەنگێک لەگەڵ نرخی بەرهەمهێنراوەکانی خوریدا تێکچوو. بۆیە لێرەدا، لە حاڵێکدا کەرەسەی خاو بووە سێ لق لە پیشەسازی جیهانی، بنکەیەکی سێ گۆشەییش دروست بوو بۆ سست بوونی بازرگانی. جگە لەم بارودۆخە تایبەتیە، قەیرانەکەی ساڵی ١٨٥١ هیچ نەبوو وەستانێک نەبێت؛ کە ئەمە بەردەوام لە حاڵی زێدەی بەرهەمهێناندا ڕوودەداتەوە، ئەمەیش بە مبالەغەوە؛ لە ڕێی یاری کردنەوە بە پشکەکان لە سایکڵەکانی پیشەسازیدا؛ بەر لەوەی هەموو هێزی خۆی کۆبکاتەوە، هەتا زۆر توندوتیژ، دوا قۆناغیش تێبپەڕێنێت، بۆ ئەوەی جارێکی تر بگاتەوە سەر خاڵی دەتسپێکردن، واتە بگاتەوە خاڵی دەستپێکردنی قەیرانی گشتیی بازرگانی. نموونەی ئەم قۆناغانە لە مێژووی بازرگانیدا، بڵاوبوونەوەی مایەپووچ بوونە بازرگانیەکانی بریتانیاو وەستانی پیشەسازیەکانە لە فەرەنسادا، چونکە ئەو پیشەسازیە،

---

2. مەبەست کەرەسەی خاوە بۆ پیشەسازی. لەم چەرخەدا، ناسراوترینیان نەوتە. وە هەر ئەوەندەی نرخی کەرەسەی خاو، بەتایبەت نەوت، چووەسەرەوە، نرخی کاڵا پیشەسازیەکانیش لە هەموو جیهاندا، بەرزتر بوونەوەو نرخی هەموو پێداویستیە گرنگەکانی ڕۆژانەی ژیانیشی لەگەڵدا بەرزبووەوە.

ناچار دەبێت لەبەردەم ڕکابەریی ئینگلیزیدا، لە هەموو بازاڕێکدا، بکشێتە دواوە، ئەو ڕکابەریەی لەم حاڵەدا، توانای خۆگرتنی نامێنێت، وە بە جۆرێکی تریش، زۆر هەستیار دەبێت بە هەموو سست بوونێک لە بیزنزی پیشەسازیی کەمالیاتدا. هەر بەوجۆرە، فەرەنسا، جگە لە قەیرانە گشتیەکان، ئەو قەیرانە بازرگانیە نیشتمانیانەیش تێدەپەڕێنێت کە تایبەتن بەخۆی و جگە لەمانەیش، مەرجدارن بە بارودۆخی گشتیی جیهانی؛ زیاتر لە کاریگەریە ناوخۆییە فەرەنسیەکان.

*کارل مارکس، ١٨ من برومیر "لویس بونابرت"*

دوو هۆکاری سەرەکی هەیە بۆ قەیرانی ١٨٤٧، ئەویش خنکانی گەورەی بازاڕو یاریە بە پشکەکان ..
هەموو قەیرانێکیش، لە یەکەمجاردا، هەر تەنها وەک قەیرانی قەرزو پارە دەنوێنێت ..
وولاتانیش هەموو، یەک بەدوای یەکدا ڕاپێچ دەبن بەرەو قەیرانەکە، وەک تێبینییش دەکەین، هەموویان، تەنها لە هەندێ حالەتدا نەبێت، زیاتر لە پێویستیەکانیان هەناردەو هاوردەیان کردووە، واتە تەرازووی پێدان (میزان المدفوعات) لە بەرژەوەندی هیچیان نیە: بەڵام ئەم شتە لە تەرازووی پێدانەوە نەهاتووە. بۆ نموونە ئینگلترە، تووشی نەزیفی ئاڵتوون هاتووە. وە هەناردەیەکی زۆریشی کردووە. ئەمە لە کاتێکا هەموو وولاتانی تر، بوون بەژێر کاڵای ئینگلیزیەوە ...

بەڵام ئەوەی لە وولاتێک زێدەیە لە هاوورده کردندا، لە وولاتێکی تر زێدەیە لە هەنارده کردندا، وە بە پێچەوانەیشەوە. بەڵام زێدەی هاوردەو هەنارده لە هەموو وولاتێکدا ڕوویداوە (ئێمە لێرەدا باس لە وەرزە خراپەکان ناکەین، بەڵکو باس لە قەیرانی گشتی دەکەین)؛ واتە زێدەی بەرهەمهێنان ڕوودەدات، ئەمەیش بە قەرزو هەڵاوسانی گشتی نرخەکان و هەرچیەکی تر کە بەدوایاندا دێت.

*کارل مارکس، سەرمایە-ڕەخنەی ئابووری سیاسی*

# شۆڕشەکان

ئا لەم کاتانەدا بە تایبەتی، شەپۆلەکانی شۆڕشی شوبات، بە بەرزی بەسەر ئەورووپادا هەڵدەکشان، وە هەر پۆستێک کە جارێک لە ئیتالیاوەو جارێک لە ئەڵمانیاوەو جارێکی تر لە دوورترین باشووری ئەورووپای خۆرهەڵاتەوە، هەواڵی شۆڕشی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا، دەبووە پاڵپشتی میللەت لە چالاکیەکانیدا ... ١٧ ی مارس و ١٦ ی ئەپریل، یەکەمین پێکاهەڵپژانی نێو ڕەحمی کۆماری برجوازی بوو لە خەباتێکی چینایەتی مەزندا ... کۆماری شەرعی، ئەو کۆمارەی ئەنجوومەنی نیشتمانی داوای دەکرد، چەکێکی شۆڕشگێر نەبوو دژی سیستمی برجوازی، بەڵکو بەپێچەوانەوە، دامەزراندنەوەی بونیانە سیاسیەکەی و بەهێز کردنی سیاسیانەی کۆمەڵگای برجوازی بوو، بەکورتی، کۆمارێکی برجوازی بوو ... وە بینیشمان کۆمارەکەی شوبات، بەکردەوە هیچ نەبوو، وە نەیدەتوانی هیچ بێت، جگە لە کۆمارێکی برجوازی، حکومەتی وەختییش، لەژێر زەبری ڕاستەوخۆی پرۆلێتاریادا، ناچار بوو کۆمارێک بە دامودەزگا کۆمەڵایەتیەکانەوە ڕابگەیەنێت؛ پرۆلێتاریای پاریسیش، هێشتا توانای نەبوو لە چوارچێوەی کۆماری برجوازی دەربچێت تەنها لە خەونەکانیدا نەبێت، لە خەیاڵدا ... هەموو بوونێکی حکومەتی وەختییش، هەر تەنها لە خەباتدا چڕ دەبووەوە دژی داخوازیەکانی پرۆلێتاریا ...

شۆڕشێکیش نیە لەو ژمارە زۆرەی شۆڕشە برجوازیە فەرەنسیەکان؛ دژ بە سیستمەکە بوو بێت، ئیتر ئەمە هەر لە ١٧٨٩ ەوە، چونکە هەموو ئەو شۆڕشانە، بەهیچ جۆرێک دەستیان لە سەروەرێتی چینایەتی و کۆیلایەتی کرێکاران و سیستمی برجوازی نەداوە، ئیتر با زۆرجار، شێوەی سیاسی ئەو سەروەرێتی و کۆیلایەتیەیشیان گۆڕی بێت. تەنها یۆنیۆ پەلاماری ئەو سیستمە بوو ...

بەڵام دوای ئەوەی پرۆلێتاریا بۆ ماوەیەک شانۆی جێهێشت و بە فەرمی دانی بە دکتاتۆریەتی برجوازیدا نا، ئیتر دەبوایە توێژە ناوەندیەکانی کۆمەڵگای برجوازی، برجوازی بچووک و جووتیاران، بە باوەڕبوونێکی بەهێزترەوە، پەیوەندییان بە پرۆلێتاریاوە بکردایە، ئەمەیش بەو ئاستەی ناکۆکیەکانیان لەگەڵ برجوازیەت قووڵتر دەبووەوە ...

دواجار، شکستی یۆنیۆ لەبەردەم وواڵاتە ستەمکارەکانی ئەورووپادا ئەو نهێنیەیشی دەرخست کە پێویستە بۆ فەرەنسا، پارێزگاریی ئاشتی بکات لەگەڵ دراوسێکانیدا بە هەر نرخێک بێت، ئەمەیش بۆ ئەوەی بتوانێت بچێتە جەنگی ئەهلیەوە لەسەر خاکەکەی خۆی بەتایبەتی. ئەمەیش لە ڕوسیاو نەمساو بروسیادا، ئەو نەتەوانەی ڕاست کردەوە کە تێدەکۆشان لە پێناوی سەربەخۆیی نیشتمانیدا، بەڵام چارەنووسی ئەو شۆڕشە نیشتمانیانەیش لە هەمانکاتدا، بەسترابوون بە شۆڕشە پرۆلێتاریەکانەوە، وە سەربەخۆیی خۆیان نەمابوو بەرامبەر بە وەرچەرخانە کۆمەڵایەتیە مەزنەکان. وە ئیتر نە هەنگاریەکان و نە پۆلۆنیەکان و نە ئیتالیەکان ئازاد نابن مادام کرێکار کۆیلەیە! ...

دواجاریش، سەرکەوتنی هاوپەیمانە پیرۆزەکانی ئەوروپا، تا ئاستێک ئەوەی گۆڕی کە هەموو ڕاپەڕینێکی پرۆلێتاریی نوێ لە فەرەنسادا، بە شێوەیەکی حەتمی، جەنگێکی جیهانی بەدوای خۆیدا بەکێش دەکات. بۆیە شۆڕشی نوێی فەرەنسی لەسەریەتی هەر یەکسەر، چوارچێوە نیشتمانیەکەی جێبهێڵێت، وە ئەو بازنە ئەورووپیە بۆ خۆی مسۆگەر بکات کە شۆڕشی کۆمەڵایەتی سەدەی نۆزدەهەمی لەسەر وەدی دێت. هەر

بەوجۆرە، هەر بە تەنها شکستی یۆنیۆ، ئەو بارودۆخەی دروستکرد کە فەرەنسا دەتوانێت لە سایەیدا، جڵەوی دەستپێشخەریەکانی شۆڕشی ئەوروپی بگرێتەدەست. وە ئاڵا سێ ڕەنگیەکە، کە بە خوێنی یاخی بووەکانی یۆنیۆ سوور بوو، بووە ئاڵای شۆڕشی ئەوروپی – ئاڵای سوور! وە ئێمەیش ئیتر هاوار دەکەین: شۆڕش مرد، بژی شۆڕش![3] ..

وە لەکاتێکا هێشتا گەشەی چینەکانی تر، ڕێگایان بە پرۆلیتاریا نەدەدا دکتاتۆریەتی شۆڕشگێری بگرێتەدەست، ئەوا ناچار بوو خۆی بخاتە باوەشی ئایدیۆلۆژیستەکانەوە بۆ ڕزگار بوون، باوەشی دامەزرێنەرانی تایەفە سۆشیالیستیەکان[4]...

بەڵام قوتابخانە خوێناویەکەی یۆنیۆی ١٨٤٨ ئەوەی فێری پرۆلیتاریا کرد، لە کاتی سەرکەوتندا، دەبێت کۆمۆنەیەکی پرۆلیتاریی ڕێکخراو، پراکتیزەی چالاکی خۆی بکات بەرامبەر بە حکومەتی فەرمی ...

لە ڕێڕەوی شۆڕشدا، بارودۆخەکە بەخێرایی گەشەی کرد، بەجۆرێک کە دۆستەکانی ڕیفۆرم بە هەموو ڕەنگەکانیەوە، وە توێژە ناوەندیەکان بە سادەترین داخوازیانەوە، ناچار بوون لە دەوری ئاڵای حیزبە هەرە سەرکێشەکان کۆببنەوە، لە دەوری ئاڵای سوور.

*النضال الطبقي في فرنسا ١٨٤٨-١٨٥٠*

---

[3]. شۆڕشی یەکەم مرد: شۆڕشی برجوازی، بژی شۆڕشی دووهەم: شۆڕشی پرۆلیتاریا.
[4]. کارل مارکس لە گەلێ شوێندا ئەم تەعبیرە بەکاردەهێنێت. لە نامەیەکیدا دەڵێت: "ئینترناسیۆنالیزم" بۆیە دامەزرێنرا هەتا بتوانێت لە بری تایەفە سۆشیالیستیەکان و شێوە سۆشیالیستیەکان، ڕێکخراوی بەکردەوەی چینی کرێکار دابمەزرێنێت .. ئەوەیش زیاد دەکەم کە "ئینترناسیۆنالیزم" بەردەوام نەدەبوو، ئەگەر ئاراستەی مێژوو، جیهانی گروپچێتی تێکوپێک نەشکاندایە.

گەشەی گروپی سۆشیالیستی و گەشەی بزووتنەوەی ڕاستەقینەی چینی کرێکار، هەمیشە بە ئاراستەیەکی پێچەوانە بە یەکتر دەڕۆن. وە مادام -لە باری مێژووییەوە- گروپەکان بیانووی بوونی خۆیانیان هەیە، ئەوا هێشتا چینی کریکار، وەک بزووتنەوەیەکی مێژوویی سەربەخۆ، کامڵ نەبووە. وە ئەو چینە ناگاتە ئاستی کامڵ بوون، هەموو گروپەکان لە جەوهەریاندا دەبنە کۆنەپەرست. لەگەڵ ئەوەیشدا، لە مێژووی ئینترناسیۆنالیزمدا ئەم ڕووداوە لە هەموو شوێنێک دووبارە دەبێتەوە. وە لەگەڵ ئەوەی سەردەمی گروپ بەسەرچووە، کەچی گروپ هەردەم هەوڵی دامەزراندنەوەی خۆی و بەردەوام بوونیش دەداتەوە لەنێو ڕەحمی شێوە نوێکاندا.

هەموو مێژووی "ئینترناسیۆنالیزم" تێکۆشانێکی نەپچڕاو بوو لە "ئەنجوومەنی گشتیەوە" دژی گروپچێتی و هەوڵی درێژەدانیان بە مانەوە دژی بزووتنەوەی بەکردەوەی چینی کارگەر تەنانەت لە نێو "ئینترناسیۆنالیزم" یشدا. ئەم تێکۆشانە لە کۆنگرەکاندا دەکرا. وە هەروەها لە گفتوگۆی تایبەتیی "ئەنجوومەنی گشتی" دا لەگەڵ هەموو گروپێکدا دەکرا بە جیا .." (مارکس، مراسلات، ل : ١٣٦).

# شۆڕشی پرۆلیتاریا: کۆمۆنە

ئەمە یەکەمین شۆڕش بوو بە ئاشکرا دانی پێدا بنرێت کە چینی کرێکار یەکەم چینە دەتوانێت بە دەستپێشخەریە کۆمەڵایەتیەکان هەستێت؛ تەنانەت جەماوەری بەرفراوانیش لە توێژە ناوەندیەکانی پاریس دانیان بەوەدا نابوو -فرۆشیارو بازرگان و پیشەگەرە بچووکەکان- تەنها سەرمایەدارە دەوڵەمەندەکان نەبێت. کۆمۆنە فرۆشیارو پیشەگەرو بازرگانە بچووکەکانی ڕزگار کرد، ئەمەیش بە یەکلایی کردنەوەیەکی حەکیمانەی بابەتێک کە هەمیشە هۆکاری ناکۆکی توێژە ناوەندیەکان خۆیان بووە، ئەویش مەسەلەی قەرزدەرو قەرزدار بوو ..

کۆمۆنە سەرەتای شۆڕشی کۆمەڵایەتی سەدەی نۆزدەهەم بوو. چارەنووسیشی هەرچی بێت لە پاریسدا ئەو شۆڕشە **بە جیهاندا دەسووڕێتەوە**. چینی کرێکاری ئەورووپی و ئەمریکییش جۆرێک لایەنگری بوون هەروەک ئەوەی ووشەیەکی سیحری بێت بۆ ڕزگار بوون ..

هەرچی پەرلەمانتاریزمیشە، لە فەرەنسادا، لە کۆماری پەرلەمانی و لە کۆدەتاکەی ئایاری ١٨٤٨ دا، گەیشتە کۆتاییەکەی و دواین قۆناغی و دواین کرانەوەی .. وە ئیتر ئەوکاتە پەرلەمانتاریزم لەناوچوو لە فەرەنسادا. وە بە دڵنیاییشەوە جارێکی تر شۆڕشی پرۆلێتاری، سەرلەنوێ لە خۆڵەمێشەکەیدا نەیدەژیانەوە. سەبارەت بە میللەتیش ئەوەندە بەس بوو میلیشیایەک لەسەر ئاستی نیشتمانی ڕێکبخات بۆ ڕزگار بوونی لە سوپای هەمیشەیی. ئا ئەمە یەکەمین مەرجی ئابووریی پێویست بوو بۆ هەموو پێشکەوتنێکی کۆمەڵایەتی.

*کارل مارکس، شۆڕشی کۆمۆنە*

# ئەرکەکانی شۆڕشی کۆمۆنە

:٣/١٨
ڕاپەڕینی پرۆلێتاریا بە یەکڕیزیی لەگەڵ سوپادا ..

:٣/٢٦-٢٢
هەڵبژاردنی کۆمۆنەی پاریس ..

:٣/٣٠
- هەڵوەشاندنەوەی دەزگای پۆلیس ..
- هەڵوەشاندنەوەی سوپای هەمیشەیی ..

:٤/١
یەکسان کردنی مووچەی هەمووان بە فەرمانبەرو کرێکارەوە ..

:٤/٢
جیاکردنەوەی کڵێساو زانست و قوتابخانە لە ئیدارەی کۆمەڵگا ..

:٤/١٢
شکاندنی ئەو هێما شۆڤێنیستیەی سەرکەوتنی ناپلیۆنی لە جەنگی ١٨٠٩ دا وەک شەڕی نەتەوەکان بەرامبەر بە یەکتر نیشان دەدا ..

:٤/١٦
کۆمۆنە ستاتستیکی کارگە داخراوەکانی کردو بریاری کردنەوەیانیدا لە لایەن کرێکاران خۆیانەوە بەشێوەی هەرەوەزکاری، ئەو هەرەوەزکاریەیش لە یەکێتیەکی گەورەتردا، بەرەو ڕێکخستن دەچوو لەسەر ئاستی هەموو فەرەنسا کە شێوازی خۆبەڕێوەبردن بوو لە بەرهەمهێناندا.

*شۆڕشی کۆمۆنە*